
وەڵامی راست هەڵبژێرە:- ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )




1.لە شێوەی بەرامبەردا کام جومگە رێ بە جووڵەیەکی سنوردار دەدات؟

A-2 و 3

B-تەنها 1

C-تەنها 3

D-3 و 4

2.شانەکانی ئێسك و خوێن و چەوری نموونەن بۆ سێ جۆر بەستەرە شانە کە خانەکانیان :-

A-بە جۆری جیاواز لەنێوانە ماددە دەوردراون. B-لە بڕێکی گەورەی ماددەی نێوان خانەکان نقوم بوون.

C-بە هەمان جۆر نێوانە ماددە دەوردراون. D-( A + B ) هەردووکیان راستن.

3.هەموو ئەمانە دەربارەی ئێسکی پتەو راستن ***جگە لە*** :-

A- لە کەلێنی فراوان پێکدێت. B-جۆگەی هاڤێرسی تێدایە. C-ئێسکە خانەکانی تێدایە. D- لە لوولە پێکدێت.

4.کام لەمانە لە ناو جەمسەری درێژە ئێسکی کەسێك هەیە کاتێك کەسەکە دەگاتە بەژنی تەواوی خۆی؟

A-مۆخی زەردی ئێسك B-کرکراگە خانە C-ئێسکی ئیسفە نجی D-( A + C ) هەردووکیان راستن

5.دڵە ماسولکە :-

A-خاڵەکانی بنەچەو جێبەستی هەیە. B-بە شێوەی جووتی هاودژ کاردەکات.

C-پاڵ بە خوێنەوە دەنێت بۆ بەشەکانی لەش. D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

6.کام لەمانە دەربارەی پێکهاتەی ماسولکە راستە؟

A-هەر خانەیەك لە خانەکانی پەیکەرە ماسولکە بە بەستەرە شانەیەك دا پۆشراوە.


B- کۆمەڵێك گورزە ماسولکە کە دەوردراون بە بەستەرە شانەیەك، پەیکەرە ماسولکە پێکدێنن.

C- هەر خانەیەك لە خانەکانی لووسە ماسولکە بە بەستەرە شانەیەك دەوردراوە. D- هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

7.دڵە لوولە کۆئەندام:-

A- لە دڵ و لوولەکانی خوێن و لیمفە گرێ پێکدێت. B- یەکێك لە فرمانەکانی گێڕانەوەی شلەی شانەییە بۆ خوێن.

C-بەشێکە لە کۆئەندامی سوڕان. D-لە ڕێگەیەوە دوو شلە دەگوازرێتەوە.



8.لە شێوەی بەرامبەردا ئەو لوولە خوێنەی دیارە ..........دەنوێنێت.

A-خوێنبەر

B-خوێنهێنەر

C-موولوولەی خوێن

D-لیمفەلوولە

9.بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی باری شیبووونەوەی خرۆکە سوورەکانی کۆرپەلەیی ،دایکی نێگەتیڤی دووگیان بە منداڵی پۆزەتیڤ دەرزی دژەتەن بۆ ( Rh )ی لێدەدرێت بۆ لەناوبردنی :- A-هەر خانەیەکی پۆزەتیڤ کە لەوانەیە لە خوێنی کۆرپەلەوە دزەی کردبێتە خوێنی دایکەوە.

B- هەموو دژەتەنەکانی ناو پلازمای خوێنی دایك. C- هەموو دژە پەیداکەرەکانی سەر رووی خرۆکە سوورەکانی دایك.

D- هەر خانەیەکی نێگەتیڤ کە لەوانەیە لە خوێنی دایکەوە دزەی کردبێتە خوێنی کۆرپەلە.

10.لە کاتی بەرزبوونەوەی خەستی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە خوێندا کام لەمانە ناوپەنچك وریادەکاتەوە بۆ بەرزکردنەوەی تێکرای هەناسەدان و زیادبوونی قووڵییەکەی؟

A-قەدی دەماخ B-لانك C-نێوانە دەماخ D-ژێرلانك

11.کام لەمانە دەربارەی هیمۆگلۆبین ڕاستە؟

A-لە کرداری هەناسەدا تەنها گازی ئۆکسجین دەگوازێتەوە. B-لە پرۆتینێك و چوار گەردیلەی ئاسن پێك دێت.


C- لە کرداری هەناسەدا هەردوو گازی ئۆکسجین و دوانۆکسیدی کاربۆن دەگوازێتەوە. D-( B + C ) هەردووکیان ڕاستن.

12.کام لەمانە دەربارەی خوێنی گەڕاوە لە کۆئەندامە سورەوە بۆ دڵ **هەڵەیە**؟
A–تەنها لەڕێگەی کلۆرە خوێنهێنەری خوارووەوە دەگوازرێتەوە. B–خوێنێکی کەم ئۆکسجینە.
C– لەڕێگەی کلۆرە خوێنهێنەری سەروو و کلۆرە خوێنهێنەری خوارووەوە دەگوازرێتەوە. D– دەچێتە گوێچکەلەی ڕاست.

13.چەوری : پێست
A– لینجە مادە : پێست B– ئارەقە : لینجە پەردەکان
C– ئەنزیمی لایسۆزیم : پێست D– ماددەی مێوی : لینجە پەردەکان

14.لە وەڵامدانەوە هەوکردنەکان کام لەمانە هیستامین دەردەدات؟
A–هەندێك خانەی تێکشکاو بە هۆی پچڕانی پێست. B–خڕۆکە سپییە هاوتاکان C–هەڵلوشێنەری گەورە D–هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

15.ئەو شێوەیەی بەرامبەر چەند هەنگاوێکی بەرگرییە وەڵامدانەوە پیشاندەدات، ئەم هەنگاوانە پێویستن بۆ:-





A–دروست بوونی بیرخەرەوە خانەکان بۆ جاری یەکەم.
B–وەڵامدانەوە بەرگرییەکانی خانەیی
C– وەڵامدانەوەی گەرمی
D– ( B + A ) هەردووکیان ڕاستن.

16.کام لەمانە لە بەرگرییە ئەندامەکانن؟
A–مۆخی ئێسك B–ثایمۆسە ڕژێن C– لیمفە گرێیەکان D– هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

17.خاڵی هاوبەش لە نێوان چوونەژوورەوەی ڤایرۆسی HIV بۆ ناو خانەی هەڵلوشێنەری گەورە لەگەڵ چوونەژوورەوەی ڤایرۆسی HIV بۆ ناو خانەی T ی یارمەتیدەر ئەوەیە کە :- A–ڤایرۆسیHIVهەردوو خانەکە دەکوژێت . B–ڤایرۆسیHIVلە ناو هەردوو خانەکەدا دووهێند دەبێت.
C– ڤایرۆسی HIV پێویستی بەهەمان جۆر وەرگرە هاوەڵ هەیە. D–( C+B ) هەردووکیان ڕاستن.

18.کام لەمانە دەربارەی ئەو ناوچەیەی تەوەرەی دەمارە خانە کە لە شێوەی بەرامبەردا بە پیتی X ئاماژەی پێکراوە ڕاستە؟




A– پرۆتینە بارگە نێگەتیڤەکان وروژوم دەکەنە دەرەوەی دەمارەخانە.
B– ئایۆنەکانی سۆدیۆم وروژوم دەکەنە ناوەوەی دەمارەخانە.
C– ئەرکی پەردەیی دەگاتە نزیکەی 40+ ملی ڤۆڵت.
D– ( C + B ) هەردووکیان ڕاستن.

19.خانەکانی شوان مایلین دروست دەکەن لە دەوری تەوەرەی ئەو دەمارەخانانەی کە لە :-
A– دەماخدا هەن. B– دڕکە پەتکدا هەن. C– دەماخ و دڕکە پەتکدا هەن. D–دەماخ یان دڕکە پەتکدا نین.

20.کام لەمانە **هەڵەیە** دەربارەی دەمارە ڕاگەیاندن؟ A–بە دوو ئاراستەی جیاواز ( پێچەوانە ) دەگوازرێتەوە لە گەیێنکەیەکی دەماریدا .
B–بە دوو ئاراستەی جیاواز ( پێچەوانە ) دەگوازرێتەوە لە دڕکە دەمارەکاندا.
C–خێرایی گواستنەوەکەیان لەو تەوەرانەی کە بە مایلین دەوردراون زیاترە لەو تەوەرانەی کە بە مایلین دەورەنەدراون.
D–تەنها بە یەك ئاراستە بە درێژایی تەوەرەی دەمارە خانەدا دەگوازرێتەوە.

21.مێشك و مێشکۆڵە هەردووکیان:-
A–بە ڕووە لۆچدارەکەیان جیادەکرێنەوە. B–تەنها لە تەوەرەی بێ مایلینی پێکدێن.
C– لە دوو نیوەگۆ پێکدێن و هەرنیوەگۆیەکیش بۆ چوار پل دابەشدەبێت.
D– لە دوو نیوەگۆ پێکدێن کە بە هۆی تەنی کالۆسەمەوە پێکەوە بەستراون.

22.کام لەمانە **بەشێك نییە** لە گوێی ناوەوە؟
A–جۆگەی ئۆستاکی B–لوولپێچ C–کەوانە جۆگەکان D– ئەندامی کۆرتی

23.کام لەمانە وریاکەرەوە ڕۆشناییەکان دەگۆڕن بۆ ڕاگەیاندنەکان کە دەماخ بتوانێت لێکیان بداتەوە؟
A–خانە چیلکەییەکان B–خانە قوچەکییەکان C–مووە خانەکان D– ( B + A ) هەردووکیان ڕاستن

24.کام لەمانە دەربارەی دۆپامین ڕاستە؟ A– ماددەیەکی وەستێنەرە چالاکی ناوەندە کۆئەندامی دەمار زیاددەکات.
B– دەمارە گوێزەرەوەیە لە لایەن دەمارە کۆئەندامەوە دەردە پەڕێنرێت.
C– ماددەیەکی وریاکەرەوەیە چالاکی ناوەندە کۆئەندامی دەمار.کەم دەکاتەوە. D–هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

25.دەردانی هۆرمۆنەکانی کام لەم کوێرە ڕژێنانە لە لایەن ژێر مێشکە ڕژێنەوە کۆنترۆڵ دەکرێت؟
A–ثایمۆسە ڕژێن B–ڕژێنی پەنکریاس C–ڕژێنی کاژی D–ثایرۆیدە ڕژێن

26.کام لەم هۆرمۆنانە گواستنەوەی ئایۆنەکانی کالسیۆم لە ئێسکەوە بۆ خوێن هاندەدات؟

A–کالسیتۆنین    B–هۆرمۆنی پاراثایرۆید    C–میلاتۆنین    D–( B + A ) هەردووکیان راستن.

27.ئایرۆیدە هۆرمۆنەکان دەتوانن بە پەردەی خانەی ئامانجدا بلاوببنەوە چونکە :-

A–لە یەك ترشی ئەمینی گۆڕاو پێکدێن.    B–جۆرێکن لە ستیرۆیدە هۆرمۆنەکان.

C–توانای توانەوەیان هەیە لە چەوری.    D–ترشە چەوری گۆڕاون.

28.کاری ستیرۆیدە هۆرمۆنەکان جیاوازە لە کاری پیپتیدە هۆرمۆنەکان، بەوەی کە لە کاری ستیرۆیدە هۆرمۆنەکان:-

A– هۆرمۆن بە وەرگری پرۆتینییەوە دەبەسترێت.    B– ئاوێتەی هورمون وەرگر لە سایتۆپلازمی خانەی ئامانجەوە پەیدادەبێت.

C–AMP ئەلقەیی وەك نێردراوی دووەم کاردەکات.    D–هۆرمۆن پێویستی بە وەرگرەکانی خانەی ئامانج نییە.

29.کام لەمانە بەشێکە لە نێرە کۆئەندامی زاوزێ بەلام ***بەشێك نییە*** لە مێیە کۆئەندامی زاوزێ؟

A–میزەڕۆ    B–ملی منداڵدان    C– رژێنی پرۆستات    D–( C + A ) هەردووکیان راستن

30.لە نێرە کۆئەندامی زاوزێدا ئالۆزە.دەکەوێتە نێوان:-

A–لوولەی گوێزەرەوەو هەردوو رژێنی کۆپەر.    B–تووە بۆریچکەکانی گون و لوولەی گوێزەرەوە.

C–تۆۆاوە چیکڵدانەکان و میزڵدان.    D–لوولەی گوێزەرەوە و میزڵدان.

31.ئاسایی لە کام بەشی مێیە کۆئەندامی زاوزێدا چەقین روودەدات و کۆرپەلە پەرە دەسەنێت و گەشەدەکات؟

A–هێلکەدان    B–منداڵدان    C–جۆگەی فالوب    D–زێ

32.لە قۆناغی چیکڵدانەی سووری هێلکەداندا ،بەرزبوونەوەی خەستی ............دەبێتە هۆی ...............

A–ئیسترۆجین ، پەرچە پێدانەوەی نەرێنی.    B– ئیسترۆجین ، پەرچە پێدانەوەی ئـــەرێنی.

C– پرۆجیسترۆن ، پەرچە پێدانەوەی نەرێنی.    D– پرۆجیسترۆن ، پەرچە پێدانەوەی ئـــەرێنی.

33. لە کام لەم ماوانەی سکپڕیدا گەندە مووەکان ون دەبن؟

A–سەرەتای سێیەکی یەکەم    B– نیوەی کۆتایی سێیەکی یەکەم    C– سێیەکی دووەم    D– سێیەکی سێیەم

34.ئەو گۆڕانکاریانە چین کە بەسەر منداڵدا دێن دوای لەدایکبوون؟

A–هەردوو سی منداڵە لەدایکبووەکە دەکشێن.    B– دڵە سییە سوڕ و گورچیلە سوڕ تەواو دەبێت.

C– کۆئەندامی دەرهاوێشتن کارا دەبێت.    D– هەموو وەڵامەکان راستن.

35.کام لەمانە راستە دەربارەی تاقیکردنەوەکانی مەندل بۆ بەرهەمهێنانی وەچەی باوان و وەچەی یەکەم و وەچەی دووەم؟

A–هەموو تاکەکانی وەچەی باوان یەکرەگ بوون.    B– هەموو تاکەکانی وەچەی دووەم دوورەگ بوون.

C– 25% لە تاکەکانی وەچەی دووەم یەکرەگ بوون.    D– 25% لە تاکەکانی وەچەی یەکەم دوورەگ بوون.

36.ئەو بۆماوەبابەتەی کە گەمیتی ( AB )بەرێژەی 50% پەیدا دەکات بەوە جیادەکرێتەوە کە :-

A– یەکرەگە بۆهەردووسیفەت.    B– دوورەگە بۆهەردووسیفەت.

C– دوورەگە بۆ سیفەتێك و زاڵی یەکرەگە بۆ سیفەتەکەی تر.    D– دوورەگە بۆ سیفەتێك و بەزیوە بۆ سیفەتەکەی تر.

37.ئەگەر لێکدانێك لە نێوان تاکێکی دوورەگ بۆ رووخسارێکی دیاریکراو لەگەڵ تاکێکی بەزیو بۆ هەمان رووخسار بکرێت،هەموو نەوەکان:-

A–یەك جۆر رووخسارەبابەتیان دەبێت.    B– یەك جۆر بۆماوەبابەتیان دەبێت.

C–دوو رووخسارەبابەتی جیاوازیان دەبێت.    D–سێ بۆماوە بابەتی جیاوازیان دەبێت.

38.کام لەمانە دەربارەی هاوزاڵبوون راستە؟


A– هیچ کام لە ئەلیلەکان زاڵ یان بەزیو نابن.    B–تێکەڵبوون روودەدات لە نێوان هەردوو ئەلیلی رووخسارەبابەتێك.

C–تاکی دوو رەگ رووخسارە بابەتێکی لە نێوان دوو رووخساری هاوجۆری یەکرەگدا دەبێت.

D– لە هاوزاڵبووندا روخسارەبابەتی رووەکە زاڵە یەکرەگ و دوورەگەکان هەمان روخسارە بابەت دەبن.

39. بۆ دیاریکردنی بۆماوە بابەتی کام لەمانە لێکدانی تاقیکاری ئەنجامدەدرێت؟

A-  ( رووی تۆو )

B-  ( شێوەی کەلوو )

C-  ( رەنگی تۆو )

D-  ( رەنگی کەلوو )

40.لە لێکدانێك لە نێوان دوو رووەکی پۆلکە کە یەکێکیان کەلوو هەڵئاوساوو گوڵ لوتکەیی لەگەڵ یەکێکی دیکەی کەلوو هەڵئاوساوو گوڵ تەوەرەیی 640 رووەك پەیدابوون،80 رووەکیان کەلوو کەمەریەکهاتوو گوڵ لوتکەیی بوون، ژمارەی ئەو رووەکانەی کە چاوەڕواندەکرێت کەلوو کەمەریەکهاتوو گوڵ تەوەرەیی بن چەندە؟

A–80    B– 200    C– 240    D– 320

41.ئەگەر لە چەند تاقیکردنەوەیەك لەسەر ڕووەکی پۆلکەدا 6,022 جار ڕووخساری تۆو لووس پەیدا بوو و ڕووخساری تۆو چرچ 2,001 جار پەیدا بوو ئەوا کام لەمانە ئەگەری دەرکەوتنی ڕووخسارە زاڵەکە بە ڕێژەی سەدی نیشاندەدات؟

A- 0%    B- 25%    C- 50 %    D- 75%

42.لە کرداری دووهێند بوونی DNA دا :- A-هیچ هەڵەیەك ڕوونادات چونکە کردارەکە زۆر بە وردی جێبەجێدەکرێت.

B-هەڵە ڕوودەدات و زۆربەی زۆریان چاکسازی دەکرێن ،بەڵام هەندێك هەڵە ناتوانرێت چاکسازی بکرێت و دەبێتە هۆی بازدان.

C-هەڵە تەنها لە زنجیرەی بنەڕەتی ڕوودەدات.

D-هەڵە ڕوودەدات بەڵام هەموو هەڵەکان چاکسازی دەکرێن لە لایەن ئەنزیمی پۆلیمەرەی DNA.

43.گریفس لە چوار تاقیکردنەوەکەیدا بۆی دەرکەوت کە خانەکانی بەکتریای توندڕەو (S) کە بەگەرمی کوژرابوون بۆماوە هۆکارێکیان لە ناو............بەرەڵاکرد.کە بووە هۆی گواستنەوەی توانای تووشکردن بە نەخۆشی.

A- خانەکانی مشك کە بەگەرمی کوژراون.    B- خانەی بەکتریای بێزیانی (R) زیندوو.

C- خانەی بەکتریای توندڕەوی (S) زیندوو.    D- خانەی بەکتریای بێزیانی (R) کە بە گەرمی کوژراون.

44.واتسون و کریك مۆدیلێکیان بۆ پێکهاتەی.............دروستکرد پێشنیارەکەیان ئەوەبوو کە پێکدێت لە دوو زنجیرە بە دەوەری یەکتردا لوول دەبن.

A- DNA    B- RNA    C- DNA و RNA    D- mRNA و tRNA

45.لە پێکهاتەی گەردی DNA دا بەندی هایدرۆجینی ................بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

A- پیورین و پیورین    B- پریمیدین و پریمیدین    C- پیورین و پریمیدین    D-هەموو وەڵامەکان ڕاستن.

46.لە زۆربەی زیندەوەراندا............ هەیە کە ............ جیاواز.دیاریدەکەن.

A- 20 کۆدۆن، 64 ترشی ئەمینی    B- 64 کۆدۆن، 20 ترشی ئەمینی

C- 10 کۆدۆن، 32 ترشی ئەمینی    D- 32 کۆدۆن، 10 ترشی ئەمینی

47.کرداری لەبەرگرتنەوەی RNA جیاوازە لە کرداری دووهێندبوونی DNA بەوەی لە کرداری لەبەرگرتنەوەی RNA دا :-

A-هەردوو زنجیرەکەی DNA بە تەواوی لە یەك جیادەبنەوە.    B-بەشێك لە هەردوو زنجیرەکەی DNA لە یەکتر جیادەبێتەوە.

C- هەردوو زنجیرەکەی DNA دەبنە قاڵب.    D-دوای تەوابوونی کردارەکە هەردوو زنجیرەی DNA لەیەکتر نائاڵێنەوە.

48.کام لەم ڕیزبەندانەی خشتەی بەرامبەر درێژترین زنجیرەی فرەپیپتید بەرهەمدێنیت کاتێك وەرگێڕانی بۆ دەکرێت؟

| زنجیرە | ئەو ڕیزبەندییەی mRNA کە وەرگێڕانی بۆ دەکرێت |
|---|---|
| 1 | AUGUCCGCAUAAGGAAAU |
| 2 | AUGUUGACCUGAGCAGGCUCA |
| 3 | AUGCUCUAGAAGUGCUUCUUGACCGCA |
| 4 | AUGGGUCUAUAUUGAACG |

A-1

B-2

C-3

D-4

49.لە لێکدانی دوو ڕووەکی پۆلکەدا ئەم ڕێژەیەی لێ پەیدابوو ( 1 ڕووەکی قەد درێژ گوڵ ئەرخەوانی : 1 قەد درێژ گوڵ سپی : 1 قەد کورت گوڵ ئەرخەوانی : 1 قەد کورت گوڵ سپی ) ، کام لەمانە دەکرێت ڕووخسارە بابەتی هەردوو ڕووەکە لێکدراوەکە بنوێنێت؟

A-قەد درێژ گوڵ ئەرخەوانی × قەد درێژ گوڵ سپی    B- قەد درێژ گوڵ سپی × قەد کورت گوڵ ئەرخەوانی

C- قەد درێژ گوڵ ئەرخەوانی × قەد کورت گوڵ سپی    D- ( B و C ) هەردووکیان ڕاستن

50.کۆدۆنی دەستپێك و کۆدۆنەکانی وەستان هەردووکیان:-

A-دژەکۆدۆنیان نییە.    B- بەشداری کرداری وەرگێڕان دەکەن.

C-ڕیزبەندی سێ نیکلیۆتایدی دیاریکراون لە DNA دا.    D- ترشی ئەمینی دیاری ناکەن.